# پەیوەندی لە ڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە
( Best + - IP1000 +)

ئا: ئەندازیار رزگار ئەحمەد محەمەد

ئاشکرایە چۆن تۆڕی ئینتەرنێت باڵی بەسەر ئەم گەردوونە کێشایە و سەدان خزمەتی مرۆیی پێشکەش دەکات، رۆژ بەرۆژیش تۆڕەکە لە بەرفراوانبووندایە، ژمارەی بەشداربووانیش هەر لە زیادبووندایەو، بۆتە هۆی دڵخۆشی مرۆڤ. بەهۆی ئەم هەموو سیفەتانەی کە لەخۆوەی گرتووەو توانراوە زۆر بەئاسانی سوودی لێوەربگیرێت.

لە سیفەتە هەرە بەرچاوەکانی ئەم تۆڕەش بریتییە لە ئاڵوگۆڕپێ کردنی نامەکان (E - mail)و دواندن (chat)و قسەکردن (Call)، جگە لەوەی کە ئەتوانین سەدان سایتی (Web) جۆراوجۆری سەرسوڕهێنەر بکەیتەوە و بچیتە ناویەوەو زانیاری تەواوی لێ وەربگریت، ئەم سیفەتانەش لە رێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و



هەنگاوەکانی کارکردنی ئامێرەکە

بەستنەوەی بەتۆڕەکەوە دێتە دی. سەرەڕاش دانانی چەند بەرنامەیەکی تایبەت (software).

لەم راپۆرتەدا تۆڕەکە بازێک ئەهاوێت دەچێتە پاڵ زانستی گەیاندن (communication) بۆ ئەوەی خزمەتێکی دی جێبەجێ بکات لەژێر رۆشنایی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە، ئەویش گەیاندنی پەیوەندییەکان بەتایبەتی پەیوەندییە جیهانییەکان (Internationalcall) بەپاڵپشتی و بەکارهێنانی ئامێرێکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتووی ناسک کە بریتییە لە (Best - IP1000 +) (بێست ئای پی +۱۰۰۰). بەوپێیە توانراوە لە رێی تۆڕی ئینتەرنێت و بەکارهێنانی ئەم ئامێرە پەیوەندییەکان دەستەبەر بکەین بۆ هەر شوێنێکی ئەم گەردوونە.

هەموومان دەزانین کە ئەمڕۆ پەیوەندییەکان بۆ دەرەوەی وڵات لەهەرجۆرێک بێت، واتە بەهۆی مۆبایل یان نۆرماڵی ماڵەوە یان سەنتەری گەیاندن ئەوا زۆری تێدەچێت و هەردەم مرۆڤ بیر لە کاتەکەی دەکاتەوە و زۆر بەدڵەراوکێ قسەدەکات لەبەر گرانی پەیوەندییەکانی دەرەوە، بۆیە ئێستا توانراوە بەهۆی ئەم تۆڕەی کە تۆ لەماڵەوە هەیتت، واتە تۆڕی ئینتەرنێت کە ئەمڕۆ گەیشتۆتە زۆربەی ماڵەکان لە رێگای تۆڕی تەلەفۆن؛ واتە لەجۆری (Dialup)، ئینجا دەتوانین بەم چەند هەنگاوەی خوارەوە لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێری (بێست ئای پی +۱۰۰۰)پەیوەندییەکان ئەنجام بدەین.

لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە تۆڕەکە دەستەبەر بکەین لەجۆری (Dial - up) واتە لە رێی هێڵی تەلەفۆن هاتۆتە ماڵەوەت، ئینجا ئەم هێڵە بەئامێری (Best - IP) دەبەستین وەک لە وێنەی ژمارە (أ) دەردەکەوێت کە بەهۆی گەیەنەرێکەوەش تەلەفۆنەکەت بەئامێرەکەوە دەبەستێت. لە هەنگاوی دووەمدا دەست دەنێین بەدوگمەی ئیشکەری ئامێرەکە، واتە پێدەکەین پاش ئەوەی بەسەرچاوەی کارەباوە بەستراوە (ب) ئینجا لە

هەنگاوی سێیەمدا دەست دەکەین بەلێدانی ژمرەی ویستراوت (ج)، واتە ئەو ژمارەی کە دەتەوێت پەیوەندی لەگەڵ دا بکەیت، بەم شێوەیە لە هەنگاوی چوارەمدا پەیوەندییەکان ئەنجام دەدەیت و تەلەفۆن بەرەو گوێت دەبەیت (د). پەیوەندییەکان کە لەم رێیەوە ئەنجام دەدرێت زۆر هەرزان دەکەوێت، تابلێیی ساف و بێ گەردە و رێژەی ژاوەژاو (Noise) زۆر کەمە، ئەم ئامێرەش کە ئەم چالاکییە گرنگە ئەنجام دەدات نرخێکی مامناوەندی هەیەو نزیکەی نرخی یەک دانە (١٦٤)دۆلارە، هەر پەیوەندییەک ئەگەرهاتو لەنێوان دوو ئامێری بێست ئای پی بێت ئەوا بەخۆڕایی دەکەوێت و موبایل یان تەلەفۆنێکی نۆرماڵی دیکەش بێت ئەوا (٩٠٪)رێژەی تێچوونی پەیوەندی ئاسایی کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێک لە شاری خۆماندا بکەین ئێستا ئەگەر یەک



**ئامێری بیست ئایی پی**

سەعات هێڵی ئەنتەرنێت بەکاربهێنین لە ماڵەوە نزیکەی (٦٠٠-١٠٠٠)دینار دەکەوێت وە ئەگەر ئەم سەعاتە هێڵەکە ببەستین بەئامێری بێست ئای پی (+ Bset + IP 1000) بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەوەی وڵات، واتە یەک سەعات پەیوەندیکردن لەگەڵ دەرەوەی وڵات بە (٦٠٠) دینار دەوەستێت، بەڵام ئەگەر بەهۆی مۆبایل بێت یان تەلەفۆنی نۆرماڵ، واتە ئەم سەعاتە نزیکەی (٣٠٠٠)دینار دەکەوێت بۆ هەندێ وڵات بگرە زیاتریش بۆ وڵاتانی دیکەش بەپێی توانا نرخی پەیوەندییەکان لە رێی

تۆڕی ئەنتەرنێت بەیارمەتی ئامێری (بێست ئای پی +١٠٠٠) وە بەبێ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر (Computer) و بەرنامەی تایبەت زۆر دابشکێت و پەیوەندییەکی ئاسان و خێرا و ساف دەست بکەوێت و هیوادارم خەڵکی کوردستانیش سوود لەم ئامێرە وەربگرن بۆ بەکارهێنانی پەیوەندییەکان